یادەوەرییەکانی پێنجشەممەیەکی پاییزی

سامان کەریم

..... (1)

چی، وا لەمرۆڤەکان دەکات خۆیان بدۆڕێنن لەتاو عەشق؟ ئایا جوانییەکی رووکەشییە، یان شتێکی جەوهەریی و رۆحییە؟ زۆربەی ئەوانەی کەرستەگەلێکی وەکو(پێ تۆ دەمرم، سووتام لەتاو عەشقت) هەموویان هیچ نین، جگە لەچەند کەف و کوڵێکی گەنجانەو خۆدەرخستنێکی کۆمیدی.

هەموو شتێك لێرەوە دەست پێدەکات! نەخێر، لێرەوە دەست پێناکات، بەڵکو لەپێنج شەممەیەکی پاییزی بیست ساڵ پەر لەئێستاوە دەست پێدەکات، ئەو رۆژەی هێمنی مەلا مەحمودی ماستفرۆش بۆیەکەم جار شکۆفەی مەستان پووری لەپۆل خۆیاندا بینی، ئەمە دەرکەوتنی سەرەتای هەموو شتێك بوو، شکۆفەی مەستان پوور ئەو کچە ئێرانییەی لەگەڵ ماڵەوەیاندا ئەمدیو بووبوو، ئەو رۆژە یەکەم رۆژی پەیوەست بوونی بوو بەکلاسەوە، لەوانەیە رابژانیت تەنیا ئیکایەك بەس بوو بۆ جێگیربوونی ئەوینی شکۆفە لەدڵی هێمندا، نەخێر، هێمن و شکۆفە، چەندین جار دانیشتوون و لەسەر بابەتێك قسەیان کردووە، بەڵام هێمن نەیوێراوە، یان نەیویستووە پاس لەبابەتی خۆشەویستی، یان پاسی سۆزو ئەو شتانە بکرێ، نەوەك شکۆفە هەست بەشتێك بکات، هێمن حەزی نەدەکرد راستەوخۆ بابەتەکە بەشکۆفە بڵێ، بەڵکو بەناراستەوخۆ لەرێگەی شیعرەوە ویستوویەتی تێی بگەیەنێت چی لەدڵدایە، نازناوێکی تایبەتیی هەبوو، کە من زۆر پێی سەرسامم: (پاییزەیار)

ئەم ناوە، هێمن لەڕۆژی گەشتی خوێندنگە بەشکۆفەی وت: (شیعرێکی نوێم نووسیوە، حەزدەکەم بیخوێنمەوە)، شکۆفە پرسی: (ناوەکەی چییە؟)

-پاییزەیار

(بۆیە پاییزم خۆشدەوێ رەنگی وەکو چاوی تۆیە

تۆپاییزەیاری، دێیت و دەڕۆیت خەزانت زۆر بەسۆیە)

ئەم شیعرەی بۆ ئەوە وتووە، لەبەرئەوەی چاوی شکۆفەی مەستان پوور، رەنگێکی هەنگوینیی هەبوو.

ئەو رۆژەی هێمن شکۆفەی تێدابینی، کاتێك بەرەو ماڵ دەهاتینەوە، هێمن زۆر بێدەنگ بوو، هەرچی لێم دەپرسی چی روویداوە؟ قسەی نەدەکرد، بەئەبڵەقیی سەیری بەرپێی خۆی دەکرد، بەبێ ئەوەی قسەیەك بکات، خۆیشی دوای سێ مانگ شاردنەوەو نەدرکاندن، رۆژێك هەموو شتێکی پێ وتم، بەڵێ، هەموو شتێکی پێوتم، خۆشت باش دەزانیت تاکە هاوڕێی نزیکی من بووم، هیچی لێنەدەشاردمەوە، ئەو پێی وتم: (ئەو رۆژە رۆژی پێنج شەممە بوو، ئەو پێنج شەممەیەی، کە تیشێرتە شینەکەم لەبەرکردبوو، لەبیرتە رێنوار بەیەکەوە دەچووینەوە بۆماڵەوە، لەرێگە هیچ وەڵامم نەدەدایتەوە، ئەوکاتەی کەتۆ هەر پرسیارت دەکرد، من بیرم لەئەو دەکردەوە، تەنیا شکۆفەی مەستان پوورو بەس)

شیعرەکانی پێش ئەو رۆژەی و دوای ئەو رۆژەی جیاوازییەکی زۆریان هەیە، دوای ئەو پێنج شەممە ئەفسوونییە، چەندین وشەی تر هاتنە نێو شیعرەکانییەوە، وەکو (پاییزەیار، شکۆفە، مەستان) هەندێك لەشیعرەکانی پیشانی شکۆفە نەدەدا، حەزی نەدەکرد، یان دەترسا شکۆفەی لێ زویر بێت.

زۆرترین کات ئەم دێڕە شیعرەی مەحوی دووبارە دەکردەوە: (لەرێی ئەو شۆخەدا خۆم کرد بەخاك و پێی پیاما نەنا، دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆمدا نەکەم، چبکەم؟) خۆی وتەنی، لەگەڵ رۆحییەتیدا دەهاتەوە، خۆی بەکەسی نێو شیعرەکە دەبینی، وەکو سیناریۆی ژیانی خۆی دەیبینی، لەدوای ناسینی شکۆفەی مەستان پوور، ئەم هەموو شتێکی لەبەر خاتری شکۆفە دەکرد، بەڵام ئەو بەسەر خۆشیدا نەدەهێنا، زۆرباش ئاگاداربوو، بەڵام خۆی نەدەکردە خاوەنی، دواتر شکۆفەی مەستان پوور دەبێتە هەموو شتێکی هێمن، هەمیشە پشکی شێری حەکایەتە خەیاڵییەکانی نێو مێشکی هێمن، بەر شکۆفەی مەستان پوور دەکەوێت.

هێمن زۆرجار دەیوت: (هەندێك کات، هەندێك رووداوی چاوەڕواننەکراو بۆمرۆڤ دێتەپێش کەژیانی بەئاقارێکی تردا دەبات، بەشێوەیەك جڵەوی بیرکردنەوەو ویستی بەدەستەوە دەگرێ و بەئارەزووی خۆی بەرەو پێشی دەبات و، ناچاری دەکات لەگەڵیدا هەڵبکەیت) دواتریش دەیوت: (ئەگەر ئەو رۆژی پێنج شەممەیە، شکۆفەی مەستان پوورم نەدیتایە، ئەو هەموو چارە رەشییەم بەسەردا نەدەهات).

هەڵاڵەخان! من ئێستا ئیشم هەیە دەڕۆمە دەرەوە هەندێك شت دەکڕم و دەگەڕێمەوە، بەڵام دەبێت بەڵێنم پێبدەیت، کە تۆش هەندێك قسەبکەیت و هەرووا بێدەنگ و خامۆش نەبیت.

..... (2)

کۆڵانەکان پڕ لەقیژەقیژی منداڵ، دانیشتنی کۆکۆی ژنان و هاتووچۆی پیاوان بەنێو کۆڵانە گڵینەکان، دیوارەکان گڵینن، جادە خۆڵ، دەرگای دارینی شەق و شڕ، هیچکەس نازانێت کەی ئەم کۆڵانە دروستکراوە، لەوسەری ئەو سەرەوە، کە منداڵان بەوسەری دونیایان دەزانی و هەندێکجاریش لەسادەییدا وەکو یەقینێکی لێدەهات لەلای گەورەکانیش، شاخێك هەبوو بەرز کەمنداڵان دەیانوت: (هەرکەسێك بچێتەسەر ئەو کێوە، دەتوانێت ئەستێرە بگرێت و جۆلانە بەمانگەوە بکات).

دیواری ماڵەکان زۆر کۆن بوون، ئەوەندە خۆر لێی دابوو، رەنگی گۆڕدرابوو بۆ مەیلەو پرتەقاڵی و زەرد، منداڵان خویان بەو دەروو دیوارەوە گرتبوو، لەسبحەینێوە تائێوارە یارییان دەکرد، چاوشارکێ، هەللوکێن،

فتبۆڵێن....، لێك زویر دەبوون و ئاشت دەبوونەوە، بێ جیاوازی کچ و کوڕ، بەتێکەڵاوی یارییان دەکرد، بەڵام هەرکە تەمەنیان دەگەشتە هەشت-نۆ ساڵی، ئیتر لەناکاو کچان دەکشانەوە، یان باشتر بڵێم، دەکشێنرانەوەو نەدەمان و تەنیا کوڕان دەمانەوە، ئەمە وەکو سووڕێکی بەردەوامیی ژیانی ئەو گەڕەك و کۆڵانەی لێهاتبوو، وای لێهاتبوو کەس هەر بیریشی لێنەدەکردەوەو، هیچ کاتیش قسەی لەسەر نەکرا، گەورەکان هەمیشە وان، کەمترین پرسیاریان لەلا دروست دەبێت و هەموو شتێك وەکو ئەوەی هەیە وەردەگرن، بەڵام منداڵان دەیانپرسی: (دایکە بۆچی چنووری پوورە خاتوون، وەکو جاران نایەت یاریمان لەگەڵدا بکات؟) (بابە بۆچی..؟) (پوورێ بۆچی...؟) ژیانی منداڵ لەسەرەتاوە هەمووی پرسیارە، بەڵام کەئەویش گەورەبوو ئیتر پرسیارو سەرسووڕمان دەبێت بەبەشێکی دابڕاو لێی.

(دابڕان لێی؟) هێمن وتی: (نەخێر ئەسڵەن من حەزدەکەم هەینییش مەکتەب هەبێت، بۆ ئەوەی بیبینم، ئەوجا تۆ دەڵێیت دابڕێ لێی؟!)

-ئەی چار چییە؟ رێنوار وتی:

-نازانم دەبێت ئارام بگرین

ئەمە دوای دوو رۆژبوو لەئاشکراکردنی خۆشەویستییەکەی بۆ شکۆفەی مەستان پوور، هێمن زۆر گۆشەگیربوو، هیچ قسەی نەدەکرد، رێنوار پێی دەڵێت کەمەکتەبەکەی بگوێزێتەوە.

یەکەمین ماڵ لەلای کێوەکەوە، ماڵی مەلا مەحموودی ماستفرۆشە، کەزۆرتر لەماڵێکی ئەفسانەیی دەچوو، شێوەیەکی زۆر جوانی هەبوو، دەرگایەکی دارین، دیوارەکان گڵین، نزم و داتەپیو، کە لەکۆڵانەکەوە نێو ماڵەوە دەبینرێت، نێو حەوشەکە لەلای راستەوە دار پرتەقاڵێك هەیە، کەس نازانێت لەکەیەوە هەیە، بەڵام تەنیا جارێك عێزەدین سەدرەدینی شێت وتبووی:(لەوەتەی دونیا هەیە، ئەم پرتەقاڵە هەبووە، لەوکاتەوەی ئادەم و حەوا لەبەهەشت دەرکران و هاتنە سەر زەوی ئەم دارە هەیە) ئەو وتبووی:(تەنانەت لافاوەکەی سەردەمی نووحیش لەبنی دەرنەهێناوە).

ئەم عێزەدینە، هەندێکجار قسەی سەیری دەکرد کەزۆر لەراستییەوە نزیکبوون، خەڵك پێی پێدەکەنین تەنیا هێمن نەبێت لەقسەکانیدا شتی سەیری بەدیدەکرد، کێ دەزانێ؟ لەوانەیە شێت نەبووبێت، بەردەوام دادەنیشت گوێی لەقسەکانی دەگرت، رۆژێك هێمن لەبازاڕ دەگەڕایەوە، لەنزیکی ماڵی خۆیانەوە قەرەباڵغییەکی بینی، هەراو هوریایەکیان سازکردبوو، هەر مەپرسە، دەنگی تێکەڵی ریکۆردەروو دەنگی خۆیان، کەنزیك بوویەوە سەیری کرد عێزەدینەو مشت و مرێتی لەگەڵ چەند کوڕێکدا، لەسەر ئەوەی ئەوان دەیانوت حەسەن زیرەك دەنگی خۆشە، ئەویش تووڕە دەبوو، دەیگۆڕاند کەعەلی مەردان دەنگی خۆشترە، ئەوانیش بۆ ئەوەی زۆرتر تووڕەی بکەن ریکۆردەریان دەهێناو لەنزیکی ئەودا کاسێتی حەسەن زیرەکیان پێ پەخش دەکرد.

کە هێمن نزیکتربوویەوە، عێزەدین بانگی کرد، بەدەنگێکی وەکو پاڕانەوە وتی:(تووخودا کاك هێمن، حەسەن زیرەك دەنگی خۆشە یان عەلی مەردان؟) هێمن تێگەشت، وتی:(تۆدەنگت زۆر خۆشترە!) نەخێر ئەمە ئەو رۆژە نەیوت، بەڵکو رۆژێك لەگەڵ شکۆفەی مەستان پووردا بەیەکەوە گوێیان لەبەرنامەیەکی رادیۆیی دەگرت لەرادیۆیەکی شارەوە، شکۆفە وتی: (دەنگی بێژەرەکە زۆر خۆشە) ئەی هێمن لەکوێ گوێی لەدەنگی شکۆفەبوو؟ لەگەشتی خوێندنگەبوو، کە هەردووکیان چوون لەدوری خوێندکاران و مامۆستایان دانیشتن، هیچ قسەیان نەبوو بیکەن، هێمن بیرۆکەیەك بەمێشکیدا هات(شیعر خوێندنەوە) کۆڵەپشتییەکەی پێ بوو، ئەم کۆڵە پشتییە زۆربەی شتەکانی تێدابوو، تازەترین شیعری خۆی دەرهێناو سەرەتا خۆی خوێندییەوە، شیعرەکە ناوی (پاییزەیار) بوو، دواتر داوای لەشکۆفەش کرد بیخوێنێتەوە، شکۆفە بەدەنگێکی ناسکی کچانە دەستی بەخوێندنەوە کرد.

بەڵام چی بوو لەناکاو، رووخساری شکۆفەی مەستان پوور گۆڕا، چرچ و لۆچی تێکەوت، سەری هەڵبڕی و پرسیارێکی کرد:(ئەم شیعرەت بۆچی نووسیوە؟)

(بۆخۆم)

لەناوەڕاستی حەوشەکە، حەوزێکی نەزۆر درێژی لاکێشەیی هەبوو، کە مەلا مەحموود لەسەر نەخشەی ماڵە ئێرانییەکان دروستی کردبوو، سەرەتا کەهاتنە ئەو خانووە تێیدا نەبوو، دوو ژوورو دالانێکی لاکێشەیی، دەرگاو پەنجەرەی دارین، ئێستا ئەمانە هیچی نەماون، هەمووی رووخێنراوە لەلایەن کابرایەکی سەرمایەدارەوە کراوە بەسۆپەر مارکێت و تەلارێکی گەورە.

دوای چەند ساڵێك، کەهێمن گەڕایەوە چووین بۆ سەردانی، ئەوکاتەی هێمن هاتەوە هەڵاڵەش مردبوو، بەشێکی ئەم چیرۆکە بەهاوبەشی لەگەڵ هەڵاڵەدا دەگێڕینەوە، بەڵام بەشەکەی تری خۆم حیکایەت خوانم.

..... (3)

(ئێ.. هەڵاڵەخان، هەموو شتەکان بەسەرەتایەکی خۆش دەستی پێکرد، بەڵام کۆتاییەکی تراژیدی هەبوو، پێم بڵێ تۆ چۆن دەتبینی، ئەو رۆژانەی سەرەتا؟)

-شتێکی گەنجانەی جوان بوو، خۆی زۆرباش رێکدەخست پێش چوون بۆمەکتەب، لەدوورەوە چاودێرییم دەکرد، جاروبار شتیشی دەنووسی، بۆنمونە شیعر، دەمبینین، جوان بوون، لەپشت هەموو وشەکانەوە ئەوینێك دەبینرا، جیاواز لەو ئەوینانەی پێشتر بینیبووم، یان بیستبووم، زۆرم ئیسرارکرد هیچی پێنەدەوتم، پێم دەوت گۆڕاوی ماوەیەکە، دەیوت خراپم کردووە پرچم دادەهێنم؟)

ماوەیەکی زۆر تێپەڕی، لەوانەیە ساڵێك یان زیاتر، هێمن هیچی نەدەوت تەنیا دەینووسی و نیگای دەکرد، وەکو خۆت باست کرد کەزۆرباش خۆی ئامادە دەکرد بۆ مەکتەب حەزی دەکرد هەینییش مەکتەب بێت، چەند رۆژێك شکۆفەی مەستان پوور نەهات بۆمەکتەب، هێمن زۆر بێ تاقەت بوو نەخۆش کەوت، هەموو ئەوکاتەی تۆ لێرە نەبوویت زۆر شت رووید‌ا، ئەو ئێوارەیەی کەهێمن نەخۆش کەوت، دایکت بردی بۆلای مامەشێخ (بەقەولی دایکت) ئەو برینە شێوە کەوانەییەی کە لەمنداڵییەوە لە تەوێڵیابوو، دایکت هەر سەیری دەکردو دەیووت:(بەخوا مامەشێخ راستی کرد ئەوە نیشانەیەکی باش نەبوو).

(باش دەبێت ئینشەڵلاّ، هیوابراو مەبن)، دکتۆرەکە بەدایکی شکۆفەی وت، کە لەژوور سەرییەوە دانیشتبوو، چەند رۆژێکە نەخۆشە، نەدەڕۆشت بۆ مەکتەب، بێ ئاگا لەوەی دڵی هێمنی بێقەرارکردووە.

ئەو رۆژانە هێمن زۆر بیری دەکردەوە، لەحەوشەدا دەهات و دەچوو، لەناکاو کەوتە سەرزەوی، پوورە ئایشێ، لەبەرئەوەی زۆر سادەدڵ بوو، یەکسەر بەبێ ئەوەی بانگی دکتۆرێك، شتێك بکات، بەپەل راکێشان هێمنی کرد بەماڵی مام شێخدا، وتی: (مام شێخ دەستم دامێنت، هێمن نەخۆشە بەشکو سەیرێکی بکەیت)

هێمن دوای هەموو نەهامەتییەکان کە بەسەریداهاتن، ئەوکاتەی بۆدواین جار هاتەوە پێی وتم:(دەزانیت رێنوار؟ مام شێخ راستی کرد ئەوە نیشانەیەکی باش نەبوو) تەنانەت خۆیشی لەو تەلیسمە تێنەگەشت کە بەرەو شکۆفە رایدەکێشا، ئای لەو رۆژگارە خۆشانە کەبێ پەرووا دەڕۆن و بەجێمان دەهێڵن بێ گەڕانەوە.

هەڵاڵە پرسی:(تۆ چۆن ئاگاداری ئەم هەموو شتەی؟)

(هەمووی هێمن بۆی گێڕاومەتەوە، زیاتر لەوەی باسی دەکەم)

دووبارە هەڵاڵە پرسیاری کرد:(ئەی کەی بەشکۆفەی مەستان پووری وت؟ ئەی ئەو چی بەسەرهات؟)

-(دوای ساڵێك یان زیاتر، هێمن لەرۆژێکی پاییزی تەڕدا بەشکۆفەی وت خۆشم دەوێی، دەرسی ئینگلیزیمان هەبوو، مامۆستا نەهاتبوو، هەموومان لەدەرەوەبووین، ئاگاداربووم هێمن بانگی شکۆفەی کردو رۆشتنە سەرەوە، دواتر هێمن خۆی بۆی باس کردم، بەدەنگێکی لەرزۆك وتی خۆشم دەوێی.

..... (4)

مەلا مەحموودو پوورە ئایشێ سێ منداڵیان هەبوو، دوو کچ و کوڕێك، دوو کچەکە بیست ساڵانن، دوانەن،

ناویان (هەڵاڵەو هەناسە)یە، شێوەیان کتوومت لەیەك دەچێت، قژ رەش، چاورەش، سپی و خرپن، هەر مەلا مەحموود خۆی لەماڵەوە فێری خوێندنی کردن، بەڵام بۆ کوڕەکە وانەبوو، ناوی هێمن بوو، حەڤدە ساڵ، هەر لەمندالییەوە برینێکی شێوە کەوانەیی لە تەوێڵیایەتی، بەقسەی شێخ محەمەدی دراوسێیان نیشانەیەکی باش نییە.

ئێستا هیچکەس لەماڵی مەلا مەحموودا نەماوە، مەلا مەحموودو پوورە ئایشێ، لەسەفەری حەج مردن، هەناسە، دوای شوکردن بەپیاوێکی پارەپەرست، تەواو بێزاربوو، ناچار خۆی سووتاند، هەڵاڵە مێردی کردە پیاوێکی ئێرانی، لەم دواییەدا هاتەوەو داوای لێکردم هەموو شتێکی بۆبگێرمەوە، هەموو شتێکم بۆباسکرد، بەڵام بەهۆی خەم و خەفەت و جەنجاڵی مێشکییەوە ، سەیارەیەك لێی داو دوای چەند رۆژێك لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، هێمنیش دوای مردنی هەڵاڵە، گەڕایەوەو دوای مانگێك رۆشتەوە، پاشتر نامەیەکم پێگەشت، باسی لەوە دەکرد کەهێمن مردووە بەهۆی شۆرتی کارەباوە، چەندین نامەی ترم پێگەشت، هەریەکەو باسی شتێکی دەکرد، بەڵام من بەشێوەیەکی تر بیردەکەمەوە وا هەست دەکەم، هێمن بوونێکی واقیعی نەبووە، بەڵکو پیاوێکی خەیاڵی بووە، هاتووە بۆسەردەمێك لەبەرگی واقیعدا خۆی پیشانداوەو رۆشتووتەوە بۆ شاری خەیاڵ.

(ناخورێت، نە بابە ناخورێت) هەڵاڵە بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ هاورێیەکیدا دەکرد، کە لەخانووەکەی تریان ناسیبووی، داوەتی کردبوو بۆماڵی خۆیان، دراوسێکەیان بەلاقرتییەوە دەیوت:(دەترسم تاوەکو من بێم بەشەکەم بخورێت)

کچی دراوسێ کۆنەکەیان جارێکیان بەردێکی بەسەر هێمندا دابوو، سەری شکاندبوو، خوێن فیچقەی دەکرد، هەرزوو گەیاندیانە عیادەی سەر کۆڵانەکەیان، کەدکتۆرێکی رووخۆش تازە کردبوویەوە، هێمن ئەوکاتە زۆر منداڵ بوو، ئێستا کەسیان لەبیریان نایەت.

..... (5)

(لەزۆر زووەوە خۆشم دەوێی، بەڵام نەموێراوە پێت بڵێم)

شکۆفە حەپەسا نەیدەزانی چی بڵێت، نزیکەی پێنج دەقیقە هەر سەیری بەرپێی خۆی و هێمنی دەکرد، لەوانەیە چاوەڕوانی ئەوە نەبووبێت، یان حەزیشی کردبێت، گەڕایەوە دوواوە، بەبێ هیچ قسەیەك بەرەو خوارەوە رۆشت، هێمنیش هیچی نەوت، بەدوایدا نەرۆشت، ئەو رۆژەو تاهەفتەیەکیش، دوای ئەوە شکۆفەی مەستان پوور زۆر بیتاقەت بوو، هیچ قسەی نەدەکرد، منیش هەستم بەشتێك کردبوو، دوای هەفتەیەك شکۆفەم رۆژێك بەخۆشحاڵی بینی، ئەم جارە ئەو هێمنی بانگ کردو بردییە سەرەوە، بەهێمنی وتبوو:

-منیش رازیم!

هەڵاڵە پرسی:(هەر ئەوەندەو بەس؟ ئەی هێمن وتی چی؟)

هێمن لەخۆشیدا هیچی پێنەوترابوو، هەردووك رووبان خۆش بوو کاتێك لەپلیکانەکان دەهاتنە خوارەوە.

یادی تۆ...

نمە بارانێکە لەبەیانییە ساردی پاییزدا

بەئەگام دێنێتەوەو پێم دەڵێ هەستە

ئەوەی کەتۆ بۆی دەگریای رۆشت

ئەم شیعرەی دوای ونبوونی شکۆفە نووسی، زۆر خەمۆك و گۆشەگیربووبوو، دوای مانگێك، یان زیاتر شکۆفە بەبێ هیچ شوێنەوارێك نەما، کەس نەیزانی بۆ کوێ چوو، تەنانەت ماڵەوەشیان نەیاندەزانی، زۆر بێقەراری بوون، ماوەیەکی زۆر بوو بە بابەتی قسەکردن، کەس نەیزانی چی لێهات، لەوانەیە ئەمیش خەیاڵ بووبێت.

دوای چەند مانگێك، هێمن نەیدەزانی چی بکات، دەیویست لەراستییەکان هەڵبێت، ناچار کۆچی کرد، ئێستا لەشاری ڤینیسیایە، بەرپرسی بەشی هێنان و بردنی کتێبخانەیەکە.

(دەزانیت رێنوار؟ گەورەترین ئاواتم دوای شکۆفە هاتەدی، کتێبخانەیەکی گەورەی پڕ لەکتێب)